**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێــراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ٣٤**
**ڕۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٣/٣/١٩**

## " بــڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی پەنجاو شەش لە یاسای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق ، ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٣/١٩) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکـەم :** لەبەر ئەگەری قەومانی جەنگ ، هەرێمی کوردسـتانی عێـراق دەکەوێتـە ژێـر بـارودۆخی ناکاو (حالة الطوارىء) تا ڕاگەیاندنێکی دیکە.

**دووەم :** ئەو جەریمانەی کـە لـەو ماوەیـەدا دەکرێنـە سـەر خـەڵك و موڵـك و مـاڵ بـە هەلومـەرجی توندوتیژ بۆ تێوەگلاوەکانیان لە قەڵەم دەدرێت.

**سـێیەم :** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**چـوارەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**پێنجـەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی (٢٠٠٣/٣/١٩) وە دەخرێـتە بەرکار و لە (وەقـایعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێــراق**